# حەز دەکەی ویندۆزەکەت لە XPیەوە بگۆڕی بۆ ویندۆز7

پرۆگرامگەلێکی زۆر هەن کە ئەرکیان گۆڕینی سیماو ڕواڵەتی سیستەمی ویندۆز XP یە بۆ سیستەمەکانی دیکە وەك، ڤیستا و ویندۆز 7. لێرەدا یەکێك لەو پرۆگرامەتان پێ دەناسێنین کە ئەرکی گۆڕینی سیستەمە.

پرۆگرامی Start menu7 ئەوە هەلەتان بۆ دەرەخسێنێ کە بە ئاسانی هەر لە مینۆی Startەوە بەسەر گشت بەشەکانی ناو سیستەمەکەدا زاڵ بن. سەرەرای ئەوە دەتوانن بە هەندێك ڕێکخستنی پرۆگرامەکە بەبێ بوونی ماوس و تەنیا بە داگرتنی





دوگمەیەکی کیبۆرد ئەو شوێنانە بکەنەوە کە مەبەستتانە. هەروەها ئەو پرۆگرامە ویندۆز XP دەگۆڕێت بۆ ویندۆز 7. ئەو گۆڕانکارییە ڕواڵەتییە تەنیا لە بەشی Start menuدا دەکرێ، لە بەشەکانی دیکەدا گۆڕان روو نادات.

تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی پرۆگرامی start menu7:

-بە ئاسانی و بە خێرایی دەتوانی گشت بەشەکانی کۆمپیوتەر بکەیەوە.
-دۆزینەوەی پرۆگرامی مەبەست بەهۆی ماوس یان دوگمەی کیبۆرد.
-گۆڕانکاری سیمای مینۆی ستارت.
-کردنەوەی پەنجەرەکان تەنیا بە کلیکێك.
-بچووککردنەوە و گەورەکردنی ئەیکۆن و نووسراوەکانی مینۆی ستارت.

# ئاگادار بن بە کلیکێک زانیاری سەر میمۆرییەکانتان دەدزرێن




لەم سەردەمەدا دەکرێ بڵێین فلاش میمۆری وەك باشترین و بچووکترین ئامرازی گواستنەوەی داتاکان سەیر دەکرێ. میمۆرییەکان لە زۆربەی ئامێرە دیجیتاڵییەکاندا دەبینرێن، وەك کامێرا، مۆبایل، ئای پۆد. تاد. هەر شتێکی سوودمەندیش، خاڵی نیگەتیڤی خۆی هەیە، خاڵی نیگەتیڤی فلاش میمۆری لەوەدایە کە ئاسانترین ئامێرە بۆ گواستنەوەی ڤایرۆس و بڵاوکردنەوەی. هەروەها دەکرێ بڵێین ئاسانترین ئامێرە بۆ دزرانی داتاکانتان، هەر ئاگاتان لەخۆتان نەبێ، هەرچی زانیاری لەسەر فلاش میمۆرییە دەدزرێت. لەو بوارەدا پرۆگرامێکتان پێ دەناسێنین کە تەنیا بە یەك کلیك هەرچی لەسەر فلاش میمۆرییەکانتانە کۆپی دەکاتە سەر هارددیسك بێئەوەی کە هەستی پێ بکەن. پرۆگرامی USB Grabber ئەو پرۆگرامەیە کە ئۆتۆماتیکی داتای سەر فلاشەکانتان کۆپی دەکاتە سەر هارددیسك. پرۆگرامەکە قەبارەکەی زۆر کەمە تەنیا 300 کیلۆبایتە و پێویست بە سێتەپ کردنیش ناکات. بەو پرۆگرامە تەنیا بەیەك کلیك زانیاری سەر فلاشەکان کۆپی دەبن. دوای ئەوەی کە فلاشتان لەسەر کۆمپیوتەر دانا فەرمانی Grabتان لێدا هەرچی زانیاری سەر فلاشەکە هەیە کۆپی دەبێت. فایلە کۆپی کراوەکانیش لە فۆڵدەرێکی نهێنیدا کۆپی دەبن کە تەنیا بەکارهێنەرەکە پێی دەزانێت. بۆ دابەزاندنی ئەو پرۆگرامە دەکرێ ئەو لینکە لێبدەن. http://danlod.ir/jame-jam//USBGrabber3.zip



# گەشت لە ئینتەرنێتدا

گەر حەز دەکەن بزانن وڵاتانی جیهان، لە بواری گەشەی ئابووری بە بەراورد لەگەڵ یەك لە چ هەلومەرجێکدان، سەیری سایتی www.prosperity.com بکەن. لە لاپەڕەی سەرەکی سایتەکەدا، ماوسەکەتان لەسەر نەخشەی جیهان بسوڕێنن و لەسەر هەر وڵاتێك کە حەز دەکەن زانیاری لەبارەیەوە بزانن کلیك بکەن. سەرەرای ئەوەی کە زانیاری گشتی بە ژمارە و داتا لە بارەی وڵاتەکەوە بەدەست دێنێ، ڕوونکردنەوەیەکیش لە بارەی پێگەی ئەو وڵاتە لە جیهاندا وەك: لایەنەکانی تەندروستی، ئەمنییەت و ئاسایش، پەروەردە بەدەست دێنن. هەروەها دەتوانی بەراوردی ئەو وڵاتە لەگەڵ وڵاتێکی دیکە بکەی کە مەبەستتە، بۆ نموونە بەراوردی وڵاتی فەرەنسا لەگەڵ عێراق بکەی. گەر بتەوێ چەند وڵاتێك پێکەوە بەراورد بکەی دەتوانی دیاریان بکەی و لە بەشی Compare selections کلیك بکەی تا خشتەیەکی زانیاریت لەو بەراوردکارییە نیشان بدات.

# فیلتەرەکانی فۆتۆشۆپ بناسن





ئەوانەی کاروباریان لەگەڵ پرۆگرامەکانی گرافیکییە، پرۆگرامی فۆتۆشۆپ باش دەناسن و دەزانین یەکێکە لە باشترین ئەو پرۆگرامانەی کە ئەرکە گرافیکیەکان ئەنجام دەدات. هەرچەندە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ بە تەنیا ناتوانێ گشت ئەرکێك ئەنجام دات، یان گەر ئەنجامیشی بدات زۆر بە دژواری و شارەزایی ورد. هەربۆیە فیلتەری تایبەت بەو پرۆگرامە دروست کراون. فیلتەری Shadow Illuminator لە فۆتۆشۆپ دا ئەرکی ئەوەیەکە وێنە لێڵ و تەماوییەکان روون و گەشاوە بکات. هەروەك لەو وێنەیەدا دەبینن. بەکارهێنانی فیلتەرەکە زۆر ئاسانە. بەڵام بۆ دانانی ئەو فیلتەرە لە ناو فیلتەرەکانی فۆشۆپ دا دەبێ بەشێوەی دەستی لەناو ئەو فیلتەرانەی دابنێی. دوای دانانی فیلتەرەکە لە پرۆگرامی فۆتۆشۆپدا تاقیکاری خۆتانی لەسەر بکەن و وێنەکانتان تاقی بکەنەوە. بۆ دابەزاندنی ئەو فیلتەرە لە ئینتەرنێت ئەو لینکە لێبدەن. http://www.mediafire.com/download.php?zznftjnmmyn



# سڕینەوەو خاوێنکردنەوەی کۆمپیوتەر بە شێوازێکی ئاسان

گەر هەستت بەوە کرد کە کردنەوەی پرۆگرامەکان لە کۆمپیوتەردا زۆر بە سستی ئەنجام دەدرێن، یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو خاوبوونەوەی کۆمپیوتەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فایلانەی کە بەبێ ئیزنی بەکارهێنەر کراونەتەوە. یان بۆ ئەو سایتانەی کە فایلێکیان لە دوای خۆیان لە کۆمپیوتەرەکەدا بە جێهێشتووە، بۆ سڕینەوەی ئەو فایلانە




و خاوێنکردنەوەی کۆمپیوتەر بەشێوەی دەستی زۆر دەخایەنێ، بەڵام بۆ هەر کێشەیەك چارەیەك هەیە!! پرۆگرامی Bleach bit پرۆگرامێکی بەهێزە و هیچ پێویست بە سیتەپ کردنیش ناکات، ئەو پرۆگرامە دەتوانێ هەتا 70% سیستەمەکەتان خێرا بکاتەوە. پرۆگرامەکە بە دوو شێوەی سیتەپ کردن و بێ سیتەپ کردن بۆ سیستەمی ویندۆزی XP و ڤێستا لە ئینتەرنێتدا لەو لینکەی کە لە خوارەوە نووسیومانە دەتوانن وەریبگرن.
http://tinyurl.com/BleachBit

# موبایل بەرەو دیزاینی

## بەشی دووەم

کەم ژمارە هەیە لە فایلی ITادا باسی گرنگی مۆبایل و شێواز و چۆنییەتی کار و ئەرکەکانیان و. تاد نەکرێ. لێرەدا باس لە کارایی مۆبایلەکان ناکەین، بەڵکو باس لەوە دەکەین کە لە داهاتوو شێواز و جۆری قەبارەی مۆبایلەکان چی لێدێ. دیزاینی مۆبایلەکان بە چ شێوەیەك دەگۆڕدرێن. لێرەدا باسی چەندین جۆری مۆبایل دەکەین کە رەنگە لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا لە بازاڕدا ببینرێن.



## هاندی Braver

کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی مۆبایل لە ژاپۆن، هاندی Braverی بەرهەم هێناوە کە دەکرێ وەك رۆبۆتێکی لێبێت. مۆبایلەکە لە راستیدا خاوەنی هۆشی دەستکردیشە و دەکرێ هەندێك شتیش فێر ببێ.




## هاندی ویندوفۆن

ئەو هاندە کە لەلایەن «سوئنگ هان سانگ» دیزاین کراوە، وەك باشترین دیزاینی مۆبایل لە ساڵی 2009دا خەڵاتی وەرگرتووە. مۆبایلەکە سەرەڕای ئەوەی کە وەك شووشەیەکی روون و شەفاف دەچێت، وەزعیەتی کەش و هەوا بە وردی نیشان دەدات، تەنانەت شێوەی مۆبایلەکە لەکاتی باران بارینددا دەگۆڕدرێت.

# قورسترین سایتی جیهان بناسن





سایتی 28Fields، قورسترین سایتی جیهانە، سایتەکە ئەوەندە قورسە کە هەرگیز ئێمەمانان سایتەکە نابینین، چونکە لە لاپەڕەی دەستپێکی سایتەکەدا هاتووە، ئەو سایتە بە هێڵێکی زۆر خێرا بۆ کردنەوەی پێویستی بە 120 رۆژە. بەڵام بۆ هێڵەکانی ئێمە کە ئاستی خێراییان لە خوارێیە، دەگاتە 12 ساڵ، هیچ کەسیش لە ئێمە ناتوانێ 12 ساڵ لەسەر ئینتەرنێت بێت تاکو سایتێکی بۆ دەکرێتەوە. نازاندرێ مەبەست لە کردنەوەی ئەم سایتە چییە، چونکە هیچ کەسێك سوودی لێوەرناگرێ. کەسیش نازانێ سایتەکە چی تێدایە. ئێوە گەر حەز دەکەن سایتەکە بکەنەوە فەرموون ئەم ئەدرەسە لێبدەن، www.fields28.com بەڵکو لەلای ئێوە بکرێتەوە!! ئەوانەی کردوویانەتەوە دەڵێن، سایتەکە درێژترین سایتی جیهانیشە، چونکە هەر لاپەڕەیەکی 18 کیلۆمەترە!

# خەیاڵی دەڕوات




## مۆبایلی شاشە شاراوە

ئـــەو هانـــدە وەك لولەیەك بە دەوری خۆیـــدا لوول دەدرێ، لەو کاتەدا شاشەکەی نادیارە، بەڵام کاتێـــك دەیکەیەوە شاشـــەکەی گەورە دەبێ.




## هاندی دوو پارچەیی

دوو کۆمپانیـــای ناســـراوی ژاپۆنی پێکەوە مۆبایلێکیان بەرهەم هێناوە کە بە Separate Ketai ناسراوە، مۆبایلەکە لە دوو بەشی لێك جیا پێکهاتووە، واتە دوو بەشـــە سەرەکییەکەی کە شاشـــە و کیبۆردە لێك جیادەبنەوە ئەو دوو بەشـــە لە ڕێگای بلۆتوسەوە پێکەوە پەیوەندیان هەیە. دوو بەشـــەکە بە موگناتیسێکی بەهێز پێکەوە دەبەسترێنەوە.



## هاندی هەمە کارە

مۆبایلـــی -Camera-Pro jecor-Printer مۆبایلێکـــە کـــە هەم کامێرایە، هـــەم پرۆژکتۆرە و هەم پرینتەرە. جگە لەو ئەرکانەی کە باسمان لێوە کرد، دەکرێ وەك دەسکی گەمەی ئەتاریش سوودی لێوەربگیرێ.

## ناساندنی یاری Sky taxi2




گەمەی ئەکشن و سەرنجڕاکێشی sky taxi2 دەکرێ بڵێین یەکێك لە باشترین و نوێترین گەمەی سەرنجڕاکێشە. گەمەیەکی داستانییە. باس لە رووخانی جیهان لە ساڵی 2012 دا دەکات. لەو کاتـــەدا گەردەلوولێك هەڵدەکات. ســـەرۆك کۆماری وڵات هەوڵ دەدات بە هەر جۆرێك بێت پێش لە تێکچوونی کەشـــوهەوا بگرێ، بەڵام کێشەیەکی گەورە دێتە پێش، ئەویش بوونی چەندین بوونەوەری سەیرە کە نیازیان هەیە هەموو شتێك وێران و تێك بدەن. ئێوە لەو یارییەدا ڕۆڵی ئەوکەســـە دەبینن کە لەساڵی 2012دا جیهـــان رزگار دەکات و هەوڵ دەدات خۆی و هاوڕێکانی رزگار بکات.

یارییەکـــە لە بـــواری گرافیکییەوە زۆر لەســـەرێیە، ئێوە لە یارییەکـــەدا چەندین خەڵات وەردەگرن، ئێـــوە دەتوانن ئەم یارییە بەخۆڕایی لە ئینتەرنێت دابەزێنن، تەنیا لە ســـایتی گوگلدا ئەم دەستەواژەیە بنووسەsky tasx2 free download .


www.gulan-media.com/it
بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514008
Email: it @gulan-media.com